

# خێزانەکەی لووتە و ئاڵە؟

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

تەنیـا خـوا دەزانێ لەم دنیـایەدا چەند خـێـزان هەن و چۆن دەژین، چۆن دروست دەبن و چۆنیش کـۆتاییـان دێت، چۆنیەتی پێکەوەنانی خێزان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لەلای خۆمان، لەخورماتوو وا باوە ژن هێنان و شـووکـردن قسـمـەت و نسـیبـە، واتە هەر کـچـێک ئەگـەر قسـمـەتی هەڵنەسـتا، ئەوە هەتا مـردن بەقـەیرەیی دەمێنێتەوە و شووناکات، هەر کوڕێکیش ئەگەر خوا ئافرەتێکی بەنسیب نەکرد، ئەوە ئەویش بەدەردی کچە دەڕوا و تا مردن بەڕەبەنی دەبیاتە سەر و ژن ناهێنێ.

خێزانەکەی ئاڵە و لووتە لەو جۆرە خێزانانە بوون کە قسمەت و نسیب پێکەوەی نابوون، کاتێک عەبدوڵڵای کەریمی حەمە لووتە، کە لەناو خەڵکدا بە عەبە لووت زل ناسرا بوو، ویستی ژن بێنێ و سەمیرە قەڵەوی مەجە تەلەش (کە دوای شووکردنەکەی بوو بە ئاڵە) کاتێک ویستی شوو بکا قسمەت و نسیب کردنی بە هاوسەری یەکتر، بێ ئەوەی پێشتر بۆ تەنیا جارێکیش چییە یەکتریان بینیبێ، یان دوو قسەیان پێکەوە کردبێت، شەوی بووک و زاوایی کاتێک ئاڵە لووتی عەبەی بینی هێندە زل و شۆڕ بوو وای زانی دەعباکەیەتی، لە دڵی خۆیدا وتی: وەخ کەس کوێرم کەیەمێنێ ئەمە هینەکەی لە سەرەوەیە؟ عەبەش ک ئاڵەی بینی هێندە قەڵەو و گۆشتنە لەبەر خۆیەوە وتی: خوایە ئەمە ژنە، یان قوڕی قەرەتەپەیە، من چی لەمە بکەم، مەگەر بیکەم بەسەری خۆما؟. بەم شێوەیە سەرەتای ئەو خێزانەی کە دوواتر بوون بە خێزانێکی حەوت کەسی و لەناو خەڵکدا بە خێزانەکەی لووتە و ئاڵە ناسران، ئاوا دەستی پێکرد، دوای نۆ مـانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سـەعـات و نۆ دەقـیـقـە لەو چرکـەیەی کـە کـاکـە عـەبە دوای گـەڕان و پشـکنینێکی وردی یەک سـەعاتی شـوێنی مەبەستی دۆزییـەوە و ئاوات و ئارەزووی سی و پێنج ساڵ ڕەبەنی تێدا بەتاڵکرد، یەکـەم منداڵیان

هاته دنیاوه، ئاڵه لەو ژنانەبوو کە شفتەژێ دەکەن، لە ماوەی دە ساڵدا دە منداڵی هێنا، پێنجیان مردن و خوا بۆ خۆی بردیانییەوە و پێنجەکەی تریشیان بوون بەبەشی ژیان، یەکەم نۆبەرەی ئەو زەواجە قسمەت و نسیبە کچێک بوو ناویان نا گورجی زەمانە، دووەم بەرهەمیان کە تەنیا نۆ مانگی لەگەڵ گورجیدا تەمەن بوو دیسان کچ بوو، ناویان نا گوڵی ناو ئینجانە، سێیەم و چوارەمیان کوڕ بوون، هەردووکیان بە بۆنی بەرکەمەر مردن، پێنجەم منداڵیان دیسانەوە کچ بوو ناویان نا خرنگەی خڕخاڵ، شەشەم منداڵیان کە لەپشت خڕخاڵخان لەدایک بوو کوڕ بوو ناویان نا حەمەشوان، حەوتەم منداڵیان کچ بوو مرد، هەشتەمیان دیسانەوە کچ بوو ناوی خەرامانی چینیان لێنا، نۆیەم و دەیەمیان کوڕ و کچێک بوون لەپشتی یەکتر بوون، هەردووکیان بەسورێژە مردن، بەم شێوەیە لە ماوەی دە ساڵدا بوون بە خاوەنی پێنج منداڵ، منداڵگەلێک کە هەر یەکەیان لە شکڵ و شێوەیەک بوون، هیچیان لەوەکەی تریان نەدەچوو، مەگەر بە تەسکەرەکانیان بتزانیبا خوشک و بران، ئەگینا هەر لە نەخشەی شەترەنج دەچوون، نیوەیان ڕەش و نیوەیان سپی بوون، پێکەوە نەدەگونجان، شەوو ڕۆژ خەریکی دەمە دەمە و شەڕ و فەرتەنە بوون، بە دەرزەن ناو و ناتۆرەیان لەیەکتر نابوو، عاشقی ئەندۆمی و دوژمنی باوەکوشتەی خۆشوشتن بوون، بەتایبەتی هەردوو کچە گەورەکەیان، ناوی مەلەکردنت لێ هێنابان شێت دەبوون، بە سێ مانگ ئاوێکیان بەخۆیاندا نەدەکرد و جلەکانیان نەدەشوشت، عەبە لووت زلی باوکیان ساڵانێکی زۆر دوای بلوینی حیزبایەتی کەوتبوو، کە ئەو لای خۆیەوە ناوی نابوو (کوردایەتی) سەرەنجام مایەپووچ لێی هاتبووەدەر، سەری لە هیچ ئیشوکارێک دەرنەدەچوو، کەچی عینوانی وەک لووتی هێندە زل بوو، دەتگوت کوڕی کەریم ئاغای بنەکەیە، خێزانەکەی نان نەبوو بیخۆن، ئەو شەو و ڕۆژ قسەی زل و بێ مانای دەکرد، دەتگوت پسپۆڕی نێودەوڵەتییە، هەمیشە باسی سیاسەتی بەینولملەلی دەکرد، وای دەزانی ڕۆژێک دێت لەجیاتی بانکی مۆن دەیکەن بە ئەمیندانداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند ساڵێکی بەخەیاڵ پڵاوی ئەم بەزمەوە بەسەر برد، ناچار ئەوەندە ئەمەکە و ئەوەکە پلاریان تێگرت و سەرزەنشتیان کرد چوو عارەبانەیەکی کڕی و لە بازاڕدا دەستی بە پەتاتە فرۆشتن کرد، هەموو بەیانییەک لە عەلوەکەی خورماتوو گونییەک پەتاتەی دەکڕی و بەتاڵی دەکردە سەر عەرەبانەکەی، هاواری دەکرد: وەرنەوە بۆ پەتاتەی هەرزان و تاڵان، خواردنی سێ ژەمەی ماڵان. کاتێکیش لە هاوارکردن ماندوو دەبوو، لەپاڵ عەرەبانەکەیدا لەسەر تەنەکەیەک دادەنیشت، مووکێشێکی بچووکی لە گیرفانی دەردەهێنا و دەستی بەهەڵکەندنی مووی نێو کونی لووتی دەکرد، خواردنی سێ ژەمەی خێزانەکەی خاڵە عەبە پەتاتە بوو، لەناو خەڵکدا بە پەتاتە خۆرەکان ناسرابوون، ئەگەرچی سەرچاوەی ڕسقی ماڵ و منداڵی خاڵە لووتە تەنیا ئەو عارەبانەیە بوو، وەلێ بەردەوام باسی فرۆشتنی دەکرد، ئاڵەی ژنی بۆ سوعبەت دەیگوت: بیفرۆشە ناڤارایەکی پێ بکڕە. ئەویش هیچ خۆی تێک نەدەدا لەسەرخۆی دەیگوت: وەڵڵا ڕاستەکەی گەڵ و قەمچاغی تۆ هەر قابیلی ناڤارایە؟! شەرت بێت لەداخی تۆدا بیدەم بەمەرزیبیەیەک و هەر دڵداری پێوە بکەم. ئاڵەش دەیگوت: دڵداری بەچییەوە دەکەیت لووتت جوانە، ئەڵێی پۆپانەی عەلەشیشە. خاڵە عەبەش بەدەم خەنینەوە پەتاتەیەکی تێ دەگرت و دەیگوت: خۆت جوانی ئەڵێی قلیقانیت؟!. ئیتر ئەمە بەزم و ڕەزمی ئەم خێزانە بوو، خێزانێک کە تەنیا مەگەر خودا بزانێت لەم دنیایەدا چەندان خێزانی تر لە وێنەیان هەیە.

سەمیرەخان هەرکاتێ وێنەیەکی پێش شووکردنەکەی خۆی ببینایە سوڕان سوڕان دەیدا لەپرمەی گریان، چونکە ئێستا هێندە لاواز بووبوو، ناویان نابوو ئاڵەی ژن پەپای، ژیانی ئەم خێزانە بە کولەمەرگی بەڕێوە دەچوو، ڕۆژێکیان دەزگایەکی خێرخوازی هاتبووە گەڕەکەکەیان، کە بارودۆخی ژیانیانی بینیبوو، تەلەڤزیۆنێک و مانگایەک و بڕێک مامری بۆ کڕی بوون، بەمەش بێجگە لە عارەبانەکەیان بوونە خاوەنی مانگایەک و بڕێک مامر و تەلەڤزیۆنێک، ئەو دایکە نەگبەتە بەم ڕۆژگارە سەرێکی نانکردن و ئەوەکەی تری پەتاتە کوڵاندن بوو، تاوێک مانگای دەدۆشی و ساتێک ئاوی پڕدەکرد، دوو سات گسکی دەدا و سێی تر قاپی دەشۆری، هێندە ئیشوکاری دەکرد و دەهات و دەچوو لات و لاواز بووبووە چکوڵ، کچە گەورەکەیان گورجی زەمانە هەرچەند تەمەنی گەیشتبووە دە دوازدە ساڵان و بووبووە بەڕوێرک، کەچی

هێندە تەمەڵ و تەوەزەل بوو بۆ ساتێکیش چییە بەردەم تەلەڤزیۆنەکەی بەجێ نەدەهێشت، ئەوەندە قەڵەو و شل و خاو بوو، ناویان نابوو (گونکە هەویر). سەری برای خۆم نەیەشێنم، کونکە هەویر ترش ترش هەڵاتبوو، ماڵەکەی پڕکردبوو لە بۆنی ترشاو، هەر کەسێک بەلایدا تێپەڕیبا دەبوایە لووتی خۆی بگرتایە، خوشکەکەشی گوڵی نێو ئینجانە، کە نۆ مانگ لەم منداڵتر بوو، لە تەمەڵیدا ئەگەر لەم زیاتر نەبوایە هیچی کەمتر نەبوو، لە ترسی ئەوەی نەوەکا یارمەتییەکی دایکی بدات و ئیشوکارێک بکات، بەردەوام لەژێر جێگاکەیدا خۆی دەشاردەوە، هێندە لەژێر بەتانییەکەیدا خۆی مەڵاس دابوو کەڕووی هەڵهێنابوو، بۆنی پیازی گەنیوی لێ دەهات، قژی سەری بووبووە کاڕوش، هەزاران ئەسپێ و ڕشک کردبوویانە سەیرانگای خۆیان، ئەو ئەسپێ و ڕشکانە ڕێچکەیان بەستبوو، ڕۆیشتبوون و بەنێو سەری هەموو براو خوشکەکانی تریدا بڵاوبووبوونەوە، ناویان نابوو (ڕشکە) ڕشکەخان، چاوەکانی لەژێر بەتانییەکەوە هەمیشە وەک چاوی کوندەبوو زرتەی دەهات، یەکێک بەم بەزمەی نەزانیبایە وای دەزانی کوندەبوویەک لەژێر بەتانییەکەدا خۆی حەشارداوە، ئاڵەی دایکیان دیتە فریای ئیشوکارەکانی نەدەکەوت، عەسابی سووتا بوو، بەردەوام دەیقیژاند، لەبەر قیژوقاڵی زۆربەی جامی دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکە درزیان تێکەتبوو، سەرەڕای ئەمەش بەدەستی باداری قول و قاپیشییەوە شەو و ڕۆژ دەینالاند، کەچی ئەوەی جێگای سەرنج بوو، بەپێچەوانەی دایکەکە و باوکەکەوە منداڵەکان هێندە قەڵەو بووبوون وەک پەتاتە خڕهەڵاتبوون، کچی سێیەمیان کچێکی خڕۆڵەی ڕەش ئەسمەربوو، ناوی خرنگەی خڕخاڵ بوو، لەبەر ئەسمەری و توندوپڕییەکەی ناویان نابوو (سابوونی ڕەقی) کچی چوارەمیان کە ناوی خەرامانی چین بوو، سوورەیەکی بستە باڵا بوو، ناوی ئەویشیان نابوو (سەرکە گەزەر) بۆ نەگبەتی ئەم خێزانە، بە پێچەوانەی کچەکانەوە تاقە کوڕەکەیان کە ناوی حەمەشوان بوو زۆر چلوفل و هاروهاج بوو، بەدار و دیواردا هەڵدەگژا، لەبەر ئەمە باوکی ناوی نابوو (ڕەسەن مەیموون) ئەم ڕەسەن مەیموونە زۆر ناڕەحەت و لاسار بوو، بەردەوام چەقڵەچزێی خوشکەکانی دەدا، هەموویانی بێزار و لێزار کردبوو، باوکی بەدەستییەوە گیری خواردبوو، نەیدەزانی چی لێ بکات، ماڵی خاڵە عەبە لە گەڕەکی کۆماری شاری خورماتوو بوو، ماڵێکی کۆنی لە گەچ و قایە دروستکراو بوو، حەوشێکی گەورەی هەبوو، لەوپەڕ حەوشەکەوە حەسارێکی چکۆلەیان بۆ مانگاکە و مریشکەکان لە بەرد و تەنەکە ڕۆنابوو، بیرێکی ئاوی خواردنەوەشی تێدا بوو، بە چەرخ و فەلەک ئاویان لێ دەردەهێنا، کەس نەیدەزانی چ سەردەم و زەمانێک دروست کراوە، هەندێک دەیانگوت هی سەردەمی عەباسییەکانە، هەشبوون دەیانگوت کاتی خۆی خان بووە و عوسمانییەکان دروستیان کردووە، پاشان وەستا حەمە لووت زل گەورەی خێڵی لووتە دەیکڕێ و دەیکات بەم حەوشەی ئێستا کە زیاتر لە کەلاوە دەچوو، لەوەی لەماڵ بچێت. خاڵە عەبەی پەتاتەفرۆش دەیزانی لووتی زلە و خەڵک تەماشای دەکەن و پێی پێدەکەنن، هەر کەسێک تەماشای بکردایە یەکسەر پێی دەگوت: ها... نەمانخۆیت؟.

دوای ڕۆژگارێک لە تەمەن، خاڵە عەبە وردە وردە نیشانەکانی پیری لێی بەدەرکەوتن، بەردەوام پشتی دێشا، مایەسیری و پرۆستات بێزاریان کردبوو، بەیانیان لەچوونەسەر کارەکەی دوادەکەوت، ئێواران زوو دەچووە سەربان و دەخەوت، زۆر حەزی لەخەوی سەربان بوو، جاران لە گەرمیان خەڵک شەوان لەسەربان دەخەوتن، هەر لە ئێوارەوە سەربانەکانیان ئاوڕشێنێکی چاک دەکرد و گسکیان دەدا، دوای بانگی شێوان جوان جێگایان ڕادەخست و خڕ بۆ خۆیان دەخەوتن، زۆربەی ماڵەکان حەسیری جگانیان هەبوو، یەکەم جار ئەوەیان ڕادەخست، کە هەم نەرم و هەم فێنکیش بوو، دوای ئەوە ئیتر ئیسپەنج و دۆشەک و قاڵییان بەسەریدا ڕادەخست، هەندێک لە دەوڵەمەندەکان لەجیاتی حەسیر قەرەوێڵەیان هەبوو لەسەری دەخەوتن، شەوانی هاوینی گەرمیان خەوی زۆر خۆشە، سەر لە ئێوارە کەمێک گەرمە، بەڵام دوای نوێژی عیشا، ئیتر وردە وردە بای شەماڵ هەڵدەکا و دەیکاتە تەوور، عەبە لووتە، ڕادوێیەکی بچووکی ئەبوخەلیتەی ژاپۆنی هەبوو، هەموو شەوێک دەیبردە سەربان، لەسەر سینگی خۆی دایدەنا و گوێی لە مۆنتی کارلۆ و بی بی سی و دەنگی ئەمریکا دەگرت، هەندێک جار گوێی لە دەنگی ئۆرشەلیمیش دەگرت، کە باسی کورد و کوردستانی دەکرد، ئاڵە، هەموو ڕۆژێ، دوای

عەسر، مەسینەیەک ئاو و گسکێکی دەدا بەساوونی ڕەقی و دەینارده سەربانەکە تا ئاوڕشێنی بکات و گسکی بدات، دوایی خۆشی پێخەفەکانی دەبرد و لەسەر شوورەکە دایدەنا، پاشانیش شەربەیەک ئاو و جامێکی دەبردە سەربان، شەوان کاتێک شەماڵەکە لە شەربەکەی دەدا لەبەر ساردی نەتدەتوانی جامێ ئاوی لێ بخۆیتەوە، ددانەکانتی دەڕچاند، ئەمە تا ڕادەیەک خوو و عادەتی زۆربەی گەرمیانییەکان بوو.

کاتێک دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێراق نەخۆش کەوت منداڵەکانی خاڵە عەبە تاڕادەیەک هەراش بووبوون، کوڕە تاقانەکەی ڕەسەن مەیموون، هەر لە هەرزەکارییەوە خوو و خدەی خاریج کەوتبووە مێشکییەوە، وازی لە خوێندن و کار و کەسابەت هێنابوو، بە دوای قاچاغچییەکدا دەگەڕا لە ڕێگای تورکیاوە بیگەیەنێتە یۆنان، زۆری پێ نەچوو لەپڕ سەی شوان نتکا بوو، دایکی کەمێک داخی بۆ خوارد، بەڵام باوکی زۆر بە هۆڵییەوە نەبوو، لەبەر ئەو هەموو ئازارەی لە ژیانیدا چەشتبووی حەزی دەکرد کوڕەکەی بچێ بۆ دەرەوەی وڵات، سا بەشکو یەخوایە لەوێ بحەسێتەوە و چارەنووسی وەک ئەم نەبێت، لە زۆر جێگا وتبووی: بە هەردوو دیوەکەیدا بۆ ئەو یەک شتە، چ بخنکێ و چ بگاتە ئەوروپا ئەوە مایەی نەجات بوونیەتی. دوای سێ مانگ لە ڕۆیشتنەکەی ڕۆژێکیان لە کابرایەکی خزمی خۆیانەوە نامەیەکی ڕەسەن مەیموونیان پێگەشت، تێدا نووسی بوو: دایە و باوە، سڵاو... دڵگران مەبن، من لە تورکیام، لەم هەفتەیەدا لە ڕێگای دەریایی ئێژەوە دەچم بۆ یۆنان، دوعای خێرم بۆ بکەن. ئاو بێنە و دەست بشۆ، ئیتر کەس هیچ هەواڵێکی نەبیست، دوایی هەندێک قسە و دەنگوباس بڵاو بووەوە، گوایە لە دەریای ئێژەدا خنکاوە، هەندێکی تر دەیانگوت، گەیشتووەتە یۆنان و گیراوە، هەشبوون دەیانگوت درۆیە نەچووە بۆ یۆنان، بووە بە گەریلا و لە قەندیلە، ئیتر هەر یەکە و قسەیەکی دەکرد، هیچی ئەمانە بەلای باوکییەوە گرنگ نەبوو، چونکە ئەو دەبوایە هەموو بەیانییەک وەک یەک بچێتە بازاڕ و دەست بەپەتاتە فرۆشی خۆی بکات.

ئەو ڕۆژگارەی کاکە عەبەی تێدا دەژیا ڕۆژگارێکی لێڵ و تەماوی بوو، دەمێک بوو بارودۆخی وڵاتی جووت ڕووبار بەم جۆرە بوو، بەلای کەمەوە خاڵە عەبە منداڵی خۆی لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە لەبیرە، چەند پەت پەتی و ڕاکە ڕاکەیان پێ کراوە، چەند جار ماڵیان سووتاوە و دەربەدەر بوون، زۆر کوودەتا و هەڵگەڕانەوەو شەڕوشۆڕی لە بیرە، گەلێک سەرکردە هاتوون و چوون، ئەگەر شتێکیش لە وڵاتدا گۆڕابێت ئەوە بە دڵنیاییەوە لە قازانجی خەڵکە فەقیر و هەژارەکەدا نەبووە، کە هەمیشە پشتیان لەژێر باری نەداری و هەژاریدا چەماوەتەوە، بۆیە ئێستا ئەو بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ئەگەر لەمەو دوواش هەر گۆڕانکارییەک ڕوویدات لە بەرژەوەندی کەسانی وەک ئەودا نابێت، لەبەر ئەمە زۆر لە ژیانی ڕابوردووی خۆی پەشیمان بوو کە هەمیشە بە سیاسەت و مشتومڕی لەو بابەتەوە خەریک بوو، ئێستا ئیتر خولقی هیچی نەمابوو، وەک کەڕوالاڵ دەهات و دەچوو، خەریکی پەتاتەفرۆشی خۆی بوو، نیوەڕۆیەک وەک هەموو ڕۆژەکانی تر لەسەر سفرەوخوان خەریکی پەتاتەخواردن بوو، لەپڕ پەتاتەیەک پەڕییە قوڕگی و خنکاندی، ئێستا نەمردووە هەزار ساڵە مردووە، منداڵەکانی دەستیان بەهاتوهاوار و داد و فیغان کرد، سوودی نەبوو، مرد و مرد و مرد، خێرەومەندان هاتن، پاک پاک شۆردیان و کفنیان کرد، لە مزگەوتی ئیمان نوێژیان لەسەر خوێند، دواییش بردیان لە گۆڕستانەکەی نزیکی ماڵی خۆیان ناشتیان، لەسەر قەبران، دوای فاتیحادان، خزمێکیان ڕایگەیاند لەبەر ئەوەی دەستی کورتە و کەسی نییە باج و خەرجی پرسەکەی بگرێتە ئەستۆ پرسەی بۆ دانانێن، مردنەکەی و کفن و دفنەکەی هەموو دوو سێ سەعاتی پێچوو، دوای ئەوە ئیتر خاڵە عەبە ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا نەهات، تاقە کەسێک کە زەرەرمەندی مردنەکەی بوو، ئاڵەی ژنی بوو، کە عەسری هەموو ڕۆژێک دەچووە سەرگۆڕەکەی و تێر دەگریا، بە دەنگێکی نەوی بانگی دەکرد بەشکو بگەڕێتەوە و بە تەنیا جێی نەهێڵێ، ڕۆژێکیان لەناوی گۆڕەکەوە گوێی لە دەنگی خاڵە عەبە بوو، هاواری کرد: ئەرێ سەمە بۆ وازم لێ ناهێنی، لەوەتەی مردووم تێر ئیسراحەتم کردووە، مردن تاقە ئیسراحەتی ئێمەیە، بۆ لێرەش لێم ناگەڕێی بەلەباریک، خوام بەو خوا جارێکی تر دێیتەوە بۆ ئێرە، شەرتبێ پەلکت ببڕم؟.

ئەم هەڕەشەیە ئاڵەی واترساند لەو ڕۆژەوە ئیتر ببڕای ببڕ نەچووەوە سەرقەبران، بەم شێوەیە مایەوە خۆی و

هەرچوار کچەکەی، ڕۆژێکیان لە متبەقەکەدا خەریکی چێشت لێنان بوو، گونکە هەویر وەک ڕۆژانی ڕابوردوو لەبەردەم تەلەڤزیۆنەکەدا پاڵ کەوتبوو، ڕشکەش لەژێر بەتانییەکەیەوە زرتەی چاوی دەهات سەیری دەکرد، سابوون ڕەقی و سەرکە گەزەریش لە حەوشە خەریکی یاری کردن بوون، تومەز دەرگای حەسارەکەیان کردووەتەوەو مانگا بۆر فرتەی بۆ کردووە، هاتووە بەناو ماڵدا فەرەیەکی بۆ کردووە هیچی دەست نەکەوتووە بیلێسێتەوە، گونکە هەویری دیوە، ڕێکوڕاست خواردوویەتی و بۆی دەرچووە، کاتێک دایکی هەش بەسەر وریا بووەتەوە کار لەکار ترازاوە، دوایی لە ڕشکەی پرسیوە، ئەی کوا گونکە هەویر؟ ئەویش وتوویەتی وەڵڵا مانگاکە خواردی؟ ئەویش قیژاندوویەتی ئەی بۆ هێلات؟ دەڵێت وەڵڵا من وتم: دایە دایە وەحەکە گورچی خوارد تۆ دەنگت نەکرد؟ ئاڵە تاوێک چاک دەگری و خۆی دەکوژێ، بەڵام دوای چی؟ تازە ئەوەی ڕۆشت ناگەڕێتەوە، ئەو شەوە بە غەم و خەفەتەوە سەر دەنێنەوە، بۆ بەیانییەکەی کاتێک دایکەکە هەڵدەستێ مانگاکە بدۆشێ، دەبینێ مانگا بۆر زگی ئاوساوە و مردار بووەتەوە، دەڵێن نەگبەتی باشە، قۆرتەکانی خراپە، بەمەش ئەو خێزانە قۆرتێکی تر دایانە دواوە.

دوای دوو ڕۆژ بۆنی گەنی دەکەوێتە گەڕەکەکەوە، خێرەومەندان دێن کلکی ڕادەکێشن و فڕێی دەدەنە نێو گۆڕستانەکەی نزیکی ماڵیان، هەفتەیەک دەبێتە شایی سەگەکانی گەڕەک، دوای مردنی گونکە هەویر و تۆپینی مانگا بۆر، بە مانگێک ڕۆژێکیان ئاڵە لەسەربان خەریکی هەڵخستنی کەلوپەل دەبێت، لەپڕ گەردەلوول هەڵدەکا، چۆن گەردەلوولێک، گەردەلوولی گەرمیان بێت و هەڵکا؟ داری لەکۆترە دەردەهێنا، ئاڵەخان چەند توند تەنافەکە دەگرێت و هاوار دەکات سوودی نابێت، پیرە گەردەلوول دەیبا و دەیبا و دەیبا، لەو ڕۆژەوە نەکەس بینییەوە و نەکەسیش زانی چی بەسەردا هات، کەوتە دەریاوە، ئاو بردی، لەو شاخانە گورگ خواردی، چوو بۆ لای خاڵە عەبە؟ کەس نەیزانی چی بەسەرهات؟ پاش (با) بردنەکەی دایکیان، پوورێکیان دەبێت بەناوی سۆیلە دێتە لای ڕشکە و سابوون ڕەقی و سەرکەگەزەر، ئەویش دوای یەک دوو مانگێک بێزار دەبێت، دەڕوات و بەجێیان دەهێڵێ، منداڵەکان سەرگەردان دەمێننەوە، ڕۆژێکیان سابوون ڕەقی سەتڵێک ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشێ خۆی بشوات، دەکەوێتە نێویەوە، دەتوێتەوە و دەبێتە تەشتێ کەفاو، هەر ئەو دەمانە سەرکەگەزەریش ڕۆژێکیان لەبەر دەرگا خەریکی یاریکردن دەبێت، بزنەکانی عەبدوڵڵا قەسابی هاوسێیان کە هەموو ڕۆژێک بە بەردەم ماڵیاندا دەیبردن بۆ لەوەڕاندن لەنێو گۆڕستانەکە پەلاماری دەدەن و دەیخۆن، بەم شێوەیە ئەوەیش لەناو دەچێ و شوێن و ئەتەری نامێنێ، ئێستا لە بنەماڵەی لووتە و ئاڵە ئەوەی ماوەتەوە تەنیا ڕشکەیە، کە لەژێر بەتانییەکەیەوە زرتەی چاوی دێت چاوەڕێی قسمەت و نسیبی خۆیەتی تا خێزانێکی نوێ پێکەوەنێ و وجاخی باوکی ڕۆشن کات.